ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

**دروستکردنی ماڵپەڕ(2)، فۆتۆشۆپ.**

نووسەر: @:

پاش ئەوەی لە بەشی یەکەم دەستمان کرد بە درووست کردنی بەشێکی کەمی ماڵپەڕەکە ، ئێستا هەندێ کاریگەری تری بۆ زیاد دەکەین و کەمێک جوانی دەکەین.

1.لە خشتەی ئامرازەکاندا ئەم ئامرازە هەڵبژێرە.



2.لەسەر چینی ڕەنگە پرتەقاڵیەکە لاکێشەیەک بکێشە کە نووکەکەی تیژ بێت، وەک لە وێنەکەدا دیارە.



پاشان لەسەر تەختە کلیلەکەت پەنجە بنێ بە کلیلی Delete.

3. پاشان چینێکی نوی درووست بکە و OK بکە .

4. هەر لەسەر هەمان خشتەی ئامرازەکاندا ئەم ئامرازە هەڵبژێرە:



5. دوو کرتە لە ناوەڕاستی ئەو بۆشاییەدا بکە وەک لە وێنەکەدا دیارە:



پاش کرتە کردن ئەم پەنجەرەیەت بۆ دەکرێتەوە:




به ئارەزووی خۆت ڕەنگ هەڵبژێرە.

6. دوای ئەوە لەناو ئەو لاکێشە نووک تیژەی کێشاومانە بە شێوەی ستوونی خەتێک ڕاکێشە تا وێنەکە ڕەنگ دەبێت.

7. ئێستا ئێمە سێ چینمان هەیە ، چینی ڕەش، چینی پرتەقاڵی و چینی لاکێشەکە.

کرتە دەکەینە سەر چینە پرتەقاڵیەکە لە خشتەی چینەکاندا لەلای ڕاست ، پاشانیش لە خشتەی مێنووەکاندا Layer>>Layer Style>> Drop Shadow هەڵدەبژێرین ، وەک وینەکەی ڕێک بخە:




8. هەر لە هەمان پەنجەرەدا کرتە بکە سەر Stroke لە خوارەوە وە چاو لە وێنەکە بکە:




9.هەر لە خشتەی چینەکاندا لەسەر چینە پرتەقاڵیەکە کرتەی لای ڕاست بکە و Duplicate Layer هەڵبژێرە.
10.ئەم ئامرازە لەخشتەی ئامڕازەکاندا دیاری بکە:



دەبینیت چینە پرتەقاڵیەکە دیاری کراوە وە هەر بەو ئامرازە ڕایکێشە بۆ خوارەوە.
11.لە لیستەی مێنووەکاندا بچۆ Edit>>Transform>>Flip Horizontal هەڵبژێرە.
لە کۆتاییدا وێنەکە بەم شێوەیە دەبێت:



کۆتایی بەشی دووەم...

Oct 2005 13

Make Your Donation Today
Help Rebuild Lives & Communities in Hurricane Affected States.
آگهی های سرویس عمومی گوگل
تبلیغات در این سایت